# ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کورد، لەعێراقی ئایندەدا

هۆشیار عەبدولڕەحمان



لەدوای تەقاندنەوەی هەردوو گومەزە پیرۆزە ئاڵتوونیەکەی سامەڕاوە، ئیتر پرۆسەی سیاسی لەعێراق بەجارێ گەیشتە بنبەست، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و عێراق لەدوای هەڵبژاردنەکەی 15–12–2005 وە بەجۆرێك لەگەشبینی ئەیڕوانیە ئایندەی عێراق لەڕوانگەی ئەوەی کە عێراق‌و کوردستان لەماوەی ساڵێکدا بەسێ پرۆسەی دیموکراسیدا کە دوو هەڵبژاردن‌و پرۆسەیکی ریفڕاندۆمدا تێپەڕیوە، بەڵام کەچی ڕووداوەکان‌و پێشهاتە سیاسیەکان لەعێراق بەپێچەوانەوە کەوتنەوە، بارودۆخی ئێستای عێراق بەقۆناغێکی یەکجار سەخت‌و دژواردا تێدەپەڕێت. لەلایەك ڕەوشی ئاسایشی وڵات زۆر بەرەو خراپی دەڕوات‌و خەریکە بۆشاییەکی گەورە بۆ حکومەت دروست دەبێت کە نەتوانێت کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکات‌و لەڕێڕەوی خۆی دەربچێت، ئەمەش دەروازەیەکی باش بۆ زەرقاوی و تیرۆریستەکان دەڕەخسێنێت کە پلان‌و بەرنامە گڵاوەکانیان دژی خەڵکی سڤیل‌و مەدەنی‌و هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش دابڕێژن، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی خزمەتگوزاری‌و قەیرانی سووتەمەنی بەردەوام لەنەبوونی بەنزین، نەوت‌و پچڕانی تەزووی کارەبا بە بەردەوامی‌و پشت لێکردنەوەی لێپرسراوەکان‌و نەدانی ئاماژەیەکی گەشبین بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەپەلەو گونجاو بۆ ئەم قەیرانە بەردەوامەی کە چینێکی گەورەی کۆمەڵگا کەوتووەتە ژێر قورسایی ئەم وەزعە نالەبارەوە، ئەمەش نیگەرانی‌و ناڕەزاییەکی گەورەی خەڵکی بەرامبەر بەسەرجەم حزبەکان‌و حکومەت لێکەوتووەتەوە، لەئەنجامیئەم ڕەوشەی ئێستای عێراقدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە ئایا ئەم ململانێ‌و کێشمەکێشمەی نێوان لیستە هاوپەیمانییەکان بەرەو کوێ مل دەنێ؟. بۆ وەڵامێکی گونجاو و دروست دەبێ هۆکارەکان‌و ئەوانەی لەپشت دروست بوونیەوەن شیکارێکی دروست بکرێت، لەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەرجەم لیستە سەرەکیە براوەکان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ پێکهێنانی حکومەتێك کە لەلایەن سەرجەم خەڵکەوە جێگای ڕەزامەندی‌و متمانەیی هەمووان بێت، بەڵام بەداخەوە کەسایەتییەکی شیعەگەرایی‌و مەزهەبی توندڕەو ناسراوە بە ئیبراهیم جەعفەری، سەرجەم حزب‌و لایەنە سیاسی‌و لیستە براوەکانی تووشی شۆك کرد. بەهەڵگرتنەوەی یەکەمین هەنگاوی تاکڕەوانەو بەگومانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرجەم لیستەکاندا دەکات، کە تەنها ڕەوتی سەدر نەبێت. ئەم سەردانە گوماناویەیەی ئیبراهیم جەعفەری بۆ تورکیا کە چەندین بەڵێن‌و سەفەقەی نهێنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو لەگەڵ تورکەکان‌و نەبردنی هیچ یەکێك لەوەزیرە کوردەکان بەتایبەتی وەزیری دەرەوە کە بەخۆی عورفی سیاسەت وایە دەبێ وەزیری دەرەوە هاوڕێیەتی سەرۆك وەزیران بکات، چونکە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لیستی ئیئتلاف کە پێشتر حکومەتیان پێکهێنا بەدوو قۆڵی لەناو پرۆتۆکۆلەکەدا ئاماژە بە تەوافوقی ئیش کردن کرابوو، لەنێوان کورد و شیعەدا، بەڵام جەعفەری بەم هەنگاوە تاکڕەوانە سەلماندی کە هەر لەسەرەتاوە ڕاست گۆ نەبووە لەگەڵ کورداو ناشتوانێ هەڵسوکەوت‌و ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت لەگەڵ کوردا، چونکە جەعفەری لەدەوڵەتانی ئیقلیمەوە تەوجیهات وەردەگرێ‌و سیاسەتە تاکڕەویەی ئاراستەدەکات، ئەمە بەڕاستی زەنگێکی وریاکەرەوەی باش بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد کە بگاتە قەناعەتێکی تەواو کە ئەم کەسایەتیە شیعەیە ناتوانێ ماف‌و داخوازیە ڕەواکانی گەلی کورد قبوڵ بکات‌و لەگەڵ دەستووریشدا بەڕاستی بەندەکان بچەسپێنێت‌و ئیشی بۆ بکات، بەتایبەتی مەسەلەی فیدراڵی‌و جێبەجێکردنی مادەی (58) تایبەت بە ئاسایی کردنەوەی شاری کەرکوك، چونکە دەوڵەتانی ئیقلیمی بەهەموو شێوەیەك کار بۆ ڕێگرتن لەچەسپاندنی فیدراڵی‌و جێبەجێکردنی مادەی (58) دەگرن. ئێستا دەبینین زۆر بەڕوونی‌و بەئاشکرا هیچ متمانەو شەفافەیەتیەك نمایە لەنێوان لیستە براوەکانی عێراقدا، هەریەکەو بەجۆرێك لەڕوانگەی بەرژەوەندی‌و ئایدۆلۆژیای حزبەکەی خۆیەوە ئەڕوانێتە عێراق. کەواتە تائێستا هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان هەڵنەگیراوەتەوەو هەر لەکۆبوونەوەی پەرلەمان‌و چارەسەرکردنی گرفتی لادانی ئیبراهیم جەعفەری لە پۆستی سەرۆك وەزیران. بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەبەغدا بەهەموو ئەو بەرنامەو نەخشە سیاسی‌و پرۆتۆکۆڵانەدا بچێتەوە کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەگەڵ لیستی ئیئتلافدا ئەنجامیدابوو، هەرچەندە لیستی ئیئتلاف شتی هاوبەشی هەیە لەگەڵ کوردا بەتایبەتی کە کوردو شیعە قوربانی دەستی ڕژێمی بەعس‌و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەی بوون، وە ئێستاش لیستی شیعەکان خاوەن (128) کورسی پەرلەمانن ناتوانرێت بە ئاسانی بەلاوەبنرێن‌و ئەوانیش ئێستا بۆ فیدراڵیەتی باشووری ناوەڕاست کار دەکەن، هەرچەندە ئێستا باسی گۆڕانی نەخشەی سیاسی لەعێراقدا دەکرێت کە پێموایە هێزی هاوپەیمانان‌و ئەمریکاش هاوڕان لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا کە سوننەی عەرەب نابێ بەلاوەبنرێن‌و پەراوێز بکرێن. کەواتە ئایا شیعەکان ئەمە قبوڵ دەکەن کە سوننە هەروا بە ئاسانی کە هیچ متمانەیەك لەنێوانیاندانییە بگەڕێنەوە سەر شانۆی دەسەڵات‌و هەردوو پۆستی گرنگی (وەزارەتی بەرگری‌و ناوخۆ) لەدەست شیعەکان دەربهێنرێن، ئەی کەواتە دەبێ هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەم نێوەندەدا چی بێت؟. پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر حەکیمانەو ووردبینانە هەنگاو هەڵبگرێتەوەو هیچ کاتێك خۆی نەخزێنێتە نێوان ململانێی شیعەو سوننە کە بەهیچ شێوەیەك دوورو نزیك پەیوەندی بەمەسەلەی نەتەوەیی‌و نیشتیمانی کوردەوە نییە، ڕاستە بوونی کورد لەبەغدا لەم هەڵومەرجەی ئێستا پێویستە بۆئاگاداربوون لەهەموو پیلانە ژێربەژێرەکانی دژی کورد ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بووەتە ئەرکێکی گرنگ‌و بەپەلە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو یەك گوتاری هاوبەشی سەرجەم حزبە سیاسیەکانی کوردستانەو ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردو توندوتۆڵ کردن‌و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌و بەشێوەی ئەکادیمی‌و مەشقی سەربازیانەی بەردەوام بۆ هەر ئەگەرو ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو کە ڕوودەدات، چونکە زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەگەر ئەم کێشمەکێشمەی نێوان لیستەکان بەردەوام بێت‌و نەگەنە ئەنجامێك بۆ دروستکردنی حکومەتێکی نیشتیمانی ڕەوشەکە بەرەو توندوتیژی شەڕی نێوەخۆ دەچێت.

# لە سیمای جەعفەریدا دیکتاتۆریەت دەخوێندرێتەوە

ئاکۆ مەجید



لەوانەیە جێگەی سەرسووڕمان نەبێ ئەگەر ڕاشکاوانە پەنجە بخەینە سەر هزر و لێکدانەوە تاکڕەویەکانی ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق. ساڵی ڕابردوو لیستی ئیئتیلافی شیعە بۆ دەربازبوون لەو تەنگەژەیەی تێکەوتبوو، بەناچارییەوە لە نێوان ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی حزبی دەعوەو ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی عێراق یەکەمیانی بۆ پێکنانی کابینەی حکومەت دەسنیشان کرد. جەعفەری لەماوەی یەك ساڵ دەستەڵاتی خۆیدا نەك کارێکی بەرهەمداری ئەوتۆی نەکردووە کە عێراقیەکان چەپڵەی بۆ لێبدەن‌و ئاوات بەهەڵبژاردنەوەی بخوازن، بەڵکو تاکڕەوانە بڕیارەکانی داوە، ئەوەی ویستوویەتی ئەنجامی داوە. نە بۆ پرس‌و ڕاوێژ بەدەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گەڕاوەتەوە، نە باکی بەو ڕەخنەو توانجانەشەوە هەبووە کە هاوکارانی لێیان گرتووە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەگەر پشتیوانی حکومەتی جۆرج دەبلیو بووش‌و هەوڵە دیبلۆماسیەکانی هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەو چالاکی‌و لێوەشاوەیی سەرۆك تاڵەبانی نەبوایە، لەوانەیە تا ئەمڕۆکەش جەعفەری نەیدەتوانی گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ هاوتایەکی دیکەی وڵاتانی جیهاندا بکات. لەسەر ئاستی هەرێمیدا هەردوو دەوڵەتی تورکیاو ئێران تونیویانە زۆر بەئاسانی هەڵیسوڕێنن‌و بەرنامەکانی خۆیانی پێ ئەنجام بدەن، بەمەش ڕق‌و قینی خەڵکی عێراقی بەرهەمهێناوە. لەسەر ئاستی ناوەخۆدا نەك هەر نەیتوانیوە ئارامی‌و ئاسایش بۆ وڵات بگێڕێتەوە. تەنانەت نەیتوانیوە پارێزگاری لەو گەڕەکەی شاری بەغدادیش بکات کە فەرمانڕەوایەتی تێدا دەکات. لەسێبەری فەرمانڕەوایەتی جەعفەریدا، ئاگری دووبەرەکی‌و ناتەبایی پێکهاتەکانی عێراق بەلووتکەی بێهاوتای خۆی گەیشتووە. جەعفەری لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدات کێشەو گرفتەکانی خەڵك چارەسەر بکات، کەچی لەبڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا نرخی سووتەمەنی بەرز دەکاتەوەو عێراق دووچاری قەیرانی سووتەمەنی دەکات. لەبەرانبەر لایەنە شیعیەکاندا هەوڵی بەهێزکردنی حیزبەکەی خۆی دەدات‌و دەیەوێ حیزبی سەکردە دروست بکات، لەبەرانبەر سوننەکاندا سیاسەتی مەزهەبگەرایی قوڵ کردۆتەوەو هەوڵی گۆشەگیرکردنیان دەدات. لەبەرانبەر کوردیشدا هەوڵی هێشتنەوەی سیاسەتی سەدام حوسێنی دەدات، پێکۆڵ لەسەر هێشتنەوەی عەرەبە هاوردەکان دەکات‌و دژی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی داسەپاوی پارێزگای کەرکوك‌و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکە ڕادەوەستێ‌و شوێن پێی عەرەبی هاوردە لەنێو شاری کەرکوکدا قایمتر دەکات، لەژێرەوەش بەبیانۆی دامەزراندنەوە، عەرەبی باشوور ڕەوانەی شاری کەرکوك دەکات.

سیاسەتەکانی جەعفەری شاراوەنین، ئەو زۆر ڕاشکاوانە پێ لەسەر تاکڕەوی دادەگرێ. مانگی ڕابردوو بەبێ پرسی کابینەکەی خۆی‌و سەرۆکایەتی کۆمار، بەنهێنی سەردانی تورکیای کردو چەندین بەرنامەی هاوبەشی دژ بەپێکهاتەکانی عێراق تاوتوێکرد. جەعفەری لەلایەن لیستە براوەکانی دیکەدا ڕەت دەکرێتەوەو بەکەسێکی ناحەز لێیدەڕوانرێ، لەنێو لیستی ئیئتیلافی شیعەشدا بەتەنیا دەنگێك لەعادل عەبدولمەهدی بردۆتەوە، کەچی زۆ شێلگیرانە پێ لەسەر کاندید کردنەوەی خۆی دادەگرێ‌و بە هەموو شێوەیەك پارێزگاری لەکورسیەی دەکات. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئەگەر جەعفەری لەجێگەی سەدام حوسێن بوایەو حزبێکی بەتوانای لەپشت بوایە، حزبی تەکانەو دەستەڵاتدار بوایە، ئایا کەس دەیتوانێ لەبەرانبەریدا فزە بکات؟!. ئایا ئەگەر جەعفەری هێزی ئەوەی هەبوایە بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێ، ڕێگەی بەهیچ لایەنێك دەدا باس لەحکومەتی ئیئتیلافی بکات؟!. ئایا ئەگەر جەعفەری لەدەستپێکی کارەوە ئاوا تاکڕەوو دیکتاتۆریانە بڕیار بدات‌و گوێ لەدیتران نەگرێ، ئایا ئەگەر کورسی 4 ساڵەی مسۆگەر کردەوە، دەبێ بە چ لۆژیك‌و هێزیکەوە وەڵامی نەیارانی خۆی بداتەوە!!.

# ڕاپەڕین، هەڵەبجە، نەورۆز

هاشم عەبدوڵڵا محێدین

ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەبوو، ڕابوونەوەی گەلی باشووری کوردستان بوو، گێڕانەوەی بەهای ئازادی‌و سەرخۆبوون بوو، لێ ئەوانەی لەسەر سنگی ڕاپەڕینەوە دانیشتن نەك هەر گەلیان بەکامی بەختەوەری نەگەیاندا، بەڵکو لەنێو ئاشی شەڕی براکوژی‌و پرۆسەی گەندەڵیدا ئەو هیواو ئارەزووانەشیان کلۆر کرد کە داهاتووی جەماوەری لەسەر هەڵچنرابوو.

لەکاتی فەرمانڕەوای بەعس، کوردستانیان برسی نەبوون، خەمی ئاوو کارەباو سووتەمەنییان نەدەخوارد، لێ چونکە نیشتمانەکەیان بندەست بوو، ئازادییان لێزەوت کرابوو، گیانی خۆیان لەسەر لەپی دەستیان دانا، تەمەنیان بە ئازادی بەخشی، گەل ئازادییەکانی خۆی بەخوێن وەرگرتەوە. دەستەلاتی تاك حیزبی کۆتا کردو دیکتاتۆریەتی هەڵتەکاند، بەڵام 15 ساڵی ڕێکە باشووری کوردستان ئازادی وەرگرتۆتەوە، دەستەڵاتی داگیرکەری لەقاوداوە، لێ مخابن لەنێو زەریای ئازارەکانی بێ کارەبایی، بێ ئاوی، بێ سووتەمەنی، نابەرابەری‌و هاوێرکاریدا دەناڵێنێ‌و خەون بە بەختەوەریەوە دەبینێ.

15 ساڵە لەکاتێکدا ساڵیادی ڕاپەڕین دەکرێتەوە، حزب لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە هەوڵدەدات سەروەری‌و مێژووی ڕاپەڕین لەجەماوەر بسێنێتەوە. هەربۆیەش تەواوی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بۆ ئەندامانی حزب قۆرخ دەکرێ بەیاننامەو بەرنامە تایبەتییەکانی ئەو بۆنەیە ئەوەندە کەمنرخ‌و بێناوەڕۆکن ناتوانن منداڵێکی برسی ژێر بکەنەوە، کەچی بەمەبەستی دروێنەکردنی خەباتی جەماوەر، بەرهەم‌و دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بۆ حیزب‌و سەرکردەکانی دروێنە دەکرێ. بەرپرسەکان بەڕەنجی شانی ماندووبوونی خۆیانەوە باڵاخانەی چەند نهۆمی هەڵدەچنن‌و کۆمپانیای ڕەنگاورەنگ دادەمەزرێنن!. نیشتیمان لەسەر حزب‌و بەرپرسەکانیەوە تاپۆ دەکرێ.

هەڵەبجە مەکۆی بەرخۆدان بوو، ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس ویستی لەچاوی هەڵەبجەوە نەتەوەیەك بکوژێ‌و نیشتیمانێك لەتوورەگە بکات، بێبەزییانە ژەهربارانی کرد 5000 هەزار مرۆڤی سڤیل‌و لاشەڕی کوشت، بەڵام هەڵەبجە بەپرسۆترین تراژیدیای سەردەم ناسرا، پاکی مرۆڤەکانیشی ناسنامەی بەرائەتیان بەنەتەوەی کورد بەخشی. ڕژێمی ڕەگەزپەرست ویستی خاك‌و خۆڵی هەڵەبجە لەتوورەگە بکات، کەچی ڕق‌و تۆڵەی هەڵەبجە ڕاپەڕینی بەرهەمهێناو تەختی دیکتاتۆری لەرزاند، خاك‌و خۆڵی لەتوورەگە کردو کەلەپچەی لەدەستی تاوانبارو جەلادان کرد. 18 ساڵە پرسەی تراژیدیای هەڵەبجە دەگرین، کڕنۆش بۆ شەهیدان دەبەین، کەچی هەڵەبجە بۆ خۆی دەستەوئەژنۆ هەڵتروشکاوە، لەخزمەتگوزاری بێبەشەو چاوەڕوانی نۆژەنکردنەوە دەکات، دەخوازێ دەستەڵات ئاوڕێکی لێبداتەوەو لەبەرانبەر بنەماڵەی قوربانیەکاندا هەڵوەستەیەك بکات‌و پێیانڕابگات. هەموومان قەرزاری هەڵەبجەین، قەرزاری خوێنی شەهیدانین. بەبیانۆی هەڵەبجەوە توورەگەی سواڵکردن لەمل کرا، ئەم وڵات‌و ئەو وڵاتی پێکرا، لەجیاتی شاری شەهیدان ئاوەدان بکرێتەوە، دەیان کەس بەم هۆیەوە دەوڵەمەندبوون‌و شاری جۆراوجۆریان پێدامەزراندا.

نەورۆز جەژنی نەتەوەییە، لە 21ی مانگی (ئازار)ی هەر ساڵێکدا جەژن دەگرین‌و خۆ دەنوێنین، شانازی بە مێژووی باپیرانمانەوە دەکەین، لێ مخابن لەواتای قوڵی نەورۆز نەگەیشتووین. نازانین ساڵی گیرانی شاری نەینەوا سەرەتای ساڵی نوێی کوردیە، یان ساڵی ڕووخاندنی زوهاك!.

هەندێك پێیانوایە کە چوار هەزار ساڵ پێش هاتنی مەسیح لەوڵاتی میزۆپۆتامیادا کیومەرس ناوێك هەڵدەکەوێ‌و خەڵکی ئەو نیشتیمانە بۆ یەکگرتن‌و یەکێتی هاندەدات‌و بەرەو ڕاستی‌و دروستی ڕێنوێنیان دەکات، بەڵام ئەهریمن کە خۆشی لەئاکاری کیومەرس نەدەهات دەستی بەدوژمنایەتی کرد. کیومەرس لەدەوری چیاکانی ڕواندز توانی بەسەر لەشکری ئەهریمن سەربکەوێ. بەم بۆنەیەوە بڕیاریدا لەسەر لووتکەی شاخەکاندا ئاگر بکرێتەوە تاوەکو خەڵك لەو سەرکەوتنە ئاگاداربینەوە. لەوانەیە ئەم بۆچوونانە لەڕاستییەوە دووربن، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت، ئەمڕۆ نەتەوەی کورد نەورۆز بەجێژنی نەتەوەیی خۆی دەزانێ. خەڵکی کوردستان نەورۆز بەڕۆژی ژیانەوەو سەربەرزی لێکدەداتەوە، دەبا ئەمساڵ بەکردەوە نەورۆز بکەین بە جەژنی نەتەوەیی و هەمووممان بەیەکەوە جێژن بگێڕین‌و پەیمان بە خوێنی شەهیدان بدەین کە تێکڕا بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و سەربەخۆیی نیشتیمان تێدەکۆشین.